**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمــــارە : ٢٢٠٥ لــــــە ٢٠١١/٧/٦**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ ی سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان

بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١١ لە یاسای سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد .

**ماددەی یەکەم** : ئەو زاراوانە ئەم مانایانە دەگەیەنن :

١. هــەرێـم : هەرێمی کوردستانی عێراق

٢. وەزارەت : وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم

٣. وەزیـــر : وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم

٤. سەندوق : سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان لە هەرێم

٥. ئەنجومەن : ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان بە پێ ی ئەحکامی ماددەی سێیەم لە یاسای سەندوق پێکهاتووە .

٦. لیژنەی سوودی ئابووری (الجدوى الاقتصادي) : ئەو لیژنەیە کە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن وخەملاندنی پرۆژەکان لە رووی ئابووری یەوە.

٧. پرۆژە : ئەو پرۆژانەن کە سەرمایەکانیان لە ٤٠ ملیۆن دینار تێپەڕ نەکات لە بوارەکانی (خزمەتگوزاری ، پیشەسازی ، کشتوکاڵی ، گەشت و گوزار ، .... ) .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم** : سوودمەندانی پرۆژە :-

١. دەرچووانی ناوەندەکانی ڕاهێنان و شیاندنی پیشەیی، ئامادەییە پیشەییەکان، پەیمانگاکانی تەکنیکی و زانکۆکان

٢. خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان, بەمەرجێك بتوانێت پرۆژە ئەنجام بدات .

٣. سوودمەندانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی .

٤. ئەو لاوانەی کە بڕوانامەیان نیە و بەڵام توانای بەرێوەبردنی پرۆژەیان هەیە .

٥. ئەوانەی پرۆژەیان هەیە و دەیانەوێت گەشەی پێ بدەن بە مەرجێك هەلی کاری نوێ دابین بکەن .